هەرێمی کوردستـــان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــی دارایــی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردســتان - العراق
رئاســة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٤٠٤٨/٤/١١٨٤ ڕێکەوت: / / ٢٧١٨ کوردی ڕێکەوت: / / ٢٠١٩ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب / گەڕاندنەوەی پشکی پێشینەی هاوسەرگیری

وەکو ئاگادارن زۆرێك لە فەرمانبەرانی سەر بە میلاکتان بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بۆ مەبەستی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری لە هەمان کاتدا سوودمەندانی هاووڵاتی لەم پێشنیەیە پابەند نابن بە گەرانەوەی پشکە شایستەکانی ئەم پێشینەیە لە ڕێکەوتی شایستەبوونیان بۆیە پێویستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت بە مەبەستی هەماهەنگی کردن لە گەڵ وەزارەتمان بۆ گەڕانەوەیان :-

**یەکەم /** گەنجینەی پەیوەندیدار بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری ئەو فەرمانگە و دام و دەزگایانە دەکاتەوە کە فەرمانبەرەکانیان بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان و ڕاگرتنی مووچەیان تاکو ماوەی (٣) مانگ .

**دووەم /** لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئاماژەپێکراو ئەگەر پشکەکانی شایستەی پێشینەی هاوسەرگیری نەگەڕێندرایەوە پێویستە فەرمانگەکان پشکی شایستە لە مووچەی کەفیل ببرێت و رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیداری بکاتەوە و بڕی مووچەی ماوە بۆ فەرمانبەری کەفیل خەرج بکرێتەوە .

**سێ یەم /** لە حاڵەتی وەرنەگرتنی ڕێکاری پێویستی هاتوو لە خاڵی (یەکەم و دووەم) ی سەرەوە وەزارەتمان پێش تمویل کردنی مووچەی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان ، بڕی شایستە لە بڕی مووچەکانیان دادەشکێنرێت ئەمەش پاش دیاری کردنی بڕەکانی شایستە لە لایەن گەنجینەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان کە پێویستە ببڕدرێت .

**چوارەم /** ئەم ڕێنماییە سەرجەم ئەو پشکانەش دەگرێتەوە کە پێشتر شایستەی گەڕانەوە بوون بەڵام نەگەڕێندراوەتەوە و بۆ هەر مانگێك لە مووچە بڕی (١٨٠٠٠٠) سەد و هەشتا هەزار دینار کە دەکاتە پشکێکی شایستە دەبڕدرێت تاکو پاکتاوکردنی سەرجەم پشکە کەڵەکەبووەکان .



هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ - ٢٥٦٠٠٦٩ - ٢٥٢٨٢٥٤
Email: gd_finance@yahoo.com
Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254

**پێنجەم /** لە حاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەری کەفیل گواستنەوەی راژەی بۆ کرابێت بۆ فەرمانگەیەکی تر ، گەنجینەی پەیوەندیدار پاش ئاگادارکردنەوەیان لە لایەن ئەو فەرمانگەیە کە فەرمانبەرەکەی گواستوەتەوە ، بە هەمان میکانیزم نووسراو ئاراستەی ئەو فەرمانگەیە دەکات کە بۆی گواستراوەتەوە بە مەبەستی وەرگرتنی رێکاری هاتوو لەم رێنماییە .

**شەشەم /** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ رێزدا .

**رێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/بۆ ئاگاداریتان ...لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی داد / بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی وەقایعی / بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ رێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەرێز وەزیری دارایی و ئابووری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەت بەوەکالەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی راوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ چاودێری و پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ راگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- گشت بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/سۆران/ راپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / هەڵەبجە /بۆ زانین و کاری پێویست.
- گشت بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەرێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوراو .



هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
Email: gd_finance@yahoo.com